# خۆپیشاندانەکەی ئاکرێ چی دەگەیەنێ؟!

سیروان ئەمین

تەنها یەک ڕۆژ دوای گاڵتەجاڕی دەستور، ئەو دەسەتورەی کە سێ مانگە تی ڤیەکانی کوردستان تەپڵی بۆ دەکوتن و خەڵکی پێ چەواشەدەکەن، ئەو دەستورەی وا کردیانە خوێنی شەهیدان و احساساتی خەڵکیان پێ ورژان ، ئەو دەستورەی کە وای کرد حیزبەکانی یەکێتی و پارتی دەست بەرن بۆ ڕزیوترین شێواز و مەلاکان بکەنە توتی و وتاری ڕۆژانی هەینیان بکەنە مینبەری تەبلیغ بۆ دەستور و بە خەڵک بڵێن ئەوەی دەنگ نەدا ڕۆژوەکەی بەتاڵە، بەڵی یەک ڕۆژ دوای ئەم گاڵتەجاڕیەی حکومەتەکەی ژێر دەستی سی ئای ئەی و ئایەتوڵاکانی جمهوری ئیسلامی ئێران خەڵکی ڕق ئەستوری شاری ئاکرێ ڕژانە سەر جادەکانو بە دژی گەندەڵی دەسەڵاتێک کە دەیەوێ هەموو شت بۆ خۆی و کاربەدەستەکانی قۆرخ بکات بۆ خەڵکیش هیچ ، دژی نەبونی سوتەمەنی و بێ ئاوی بێ کارەبا، دیارە بە هەموو ئەو تەبلیغەی حیزبەکان و وەعدەو بەڵێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان نەیان توانی قەناعەت بەو خەڵکە بکەن تەنانەت قسەی ڕابەری حیزبە بچوکە بەدبەختەکانی بەردەم دیوانی پڕ کەرەمی یەکێتی و پارتیش نەیان توانی خەڵک لە خشتەبەرن چونکە ڕاستیەکەی ئەوەی خەڵک موشکیلەیەتی دەستوریکی ئیسلامی نیە کە بەزۆر و فشار دای سەپێنن بەڵکو پێداویستیە ڕۆژانەکانی خەڵکە، و خەڵکیش نەیان هێشت مرەکەبی دەستورەکە کاڵبێتەوە خۆپێشاندانیان بەرپاکرد.

خۆپیشاندان دژی گەندەڵی بە دوای دەستوردا ئەگەر خۆڕسکیش بوبێت ئەوە تەنها یەک مانای هەیە ئەویش بێ ئومێدی خەڵکە بەو دەسەڵاتەی کە چواردەساڵە بە وەعدەو بەڵێن و دوژمن داتاشین خەڵکیان بەدەمەوە گرتوە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە دەخۆن.

ئەورۆ ئاشکراتر لە هەموو ڕۆژێ دووبەرە شکڵی گرتوە کە یەکێکیان حیزبە وردودرشتەکانی هاوپەیمانە، کە گەورەکانیش چیان وت بچوکەکانیان بێ سێ و دوو دەڵێن ئەشهەدو وایە، بەرەکەی تریش خەڵکی وەدەنگ هاتوی ناڕازیە بە دژی گەندەڵی و نا عەدالیەتیەک کە لە لایەن دەسەڵات دارانەوە دەکریت وەک بردنی هەموو شت بۆ خۆیان و بێ بەش کردنی خەڵک لە هەموو شت.

ڕەنگە ئەم بەرەیە تا ئەم ساتە ڕیکخراو و توندوتۆڵ نەبێت بە لاّم هەموو دیاردەکان بەرەو ئەوە دەچن کە ئەمڕۆ بێت یا سبەی دەبێتە بزوتنەوەیەکی سەرتاپا گیرو تەنگ بە دەسەڵات هەڵپیچێ بە تایبەتی کە لەم دوایەدا خۆپیشاندانی بەهێز لە چەند شوێنی جیا جیا لە شارەکانی کوردستان بەرپا کراوە و دوو دانشتنی نوینەرانی سلێمانی و

کەلار و ڕانیە و بازیان و هەولێر لە سلێمانی بەڕێوە چوە هەنگاویشان ناوە بۆ پیکهێنانی بەرەیکی لەو جۆرە لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کەسانی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادی خواز سەرپەرشتی زۆربەی خۆپێشاندانەکان دەکەن.
لایەنێکی تر کە ڕێکەوت نیە و شایانی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هەم زۆرینەی لاوان خۆپیشاندانەکان دەکەن و سونبوڵی بزوتنەوەکانن هەم زۆرینەی خەڵک کە دەنگیان نەداوە بە دەستور توێژی لاوانن ، ئەمە بە پێی قسەکەرانی هەردو حکومەتەکەی سلێمانی و هەولێرە کە خۆی لە خۆیدا جیگای دڵخۆشیە.

خراپ نیە کەمێ باس لە قسەکانی مەلا بەختیار بدوێین کە لەم ڕاستایەدا کردونی بە بۆنەی دەستورەوە بەرانبەر لاوان، ئەوەش یەکەم جار نیە کە مەلا بەختیار و جەلال تاڵەبانی و مەسولەکانی تر لەم توێژە گلەی دەکەن هەموو قسەکانیس لە مەڕ بێ دەربەسی لاوان دورکەوتنە لە سیاسەت گوێ نەدانە بە مەسەلە کانی ڕۆژ.

دیارە لە هەر کۆمەڵگایەکدا لاوان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگان چ لە ڕوی تەمەن و کارایی و ئاوات و ئامانج و قابیلەتی وەرگرتنی زانیاری و چالاکی هەڵس و کەوتەوە ، وە ئەم توێژە ئەگەر لە دەسەڵات تورە و ناڕازی بوو ئەوە دەلالەتە لە گەندەڵی حکومەت و بەدی نە هێنانی ئاوات و ئامانجەکانی ئەم توێژە گەورەیەی کۆمەڵگا.

جا ئەگەر مەلا بەختیار لە شاشەی تی فی یەکانیانەوە بە ئاشکرا بڵێت لاوان (لا ئوبالی)ن و گوێ نادەن بە ئەوان ئەوە دیارە ئەم توێژە بەرینەیان لە دەس داوە، هەڵبەتە مە لا بەختیار لە ژێر فشاردا وا دەڵێ، بەڵام ئەو چی بکات سێ مانگە ئەو تەبلیغ دەکات کە دەیان ملێۆندیناری ئەو خەڵکەیان سەرفکردوە بۆ دەستور کە چی لاوان دەنگیان نەداوە بە دەستور و پشتیان تێکردون و بە قسەی حیزبەکەی مەلا بەختیار ناکەن، ڕاستیەکەشی ئەوەیە ئەوە مەلا بەختیار و دەسەڵاتی ئەوانە کە بەرانبەر خەڵک لا ئوبالین و گوێ لە داواکاریەکانی خەڵک ناگرن نەک لاوان .

من بۆیە ئەم دوو بابەتەم تێکەڵ کرد چونکە لە یەک جێگاوە سەرچاوە دەگرێت ئەویش خۆپێشاندانەکانە کە لاوان بەشی زۆریان پێک دەهێنن و هەر وەها لاوانیش بوون کەدەستوریان ڕەتکردەوە کە ئەمە بۆ خۆی مایەی دڵخۆشیەوەو چاوەڕوانی بزوتنەوەیەکی فراوان و گەرم و گوڕی لێ دەکرێ ئەگەر چەپ و کۆمۆنیستەکان توانای هیدایەتکرن و ڕابەرایەتیان هەبێت.

2005/10/20